# گۆرانیەکانی ساکیما

Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 3

(utan bilder)

ساکیما لەگەڵ دایك و باوك و خوشکە چوارساڵەکەی دەژیا. ئەوان لەسەر مڵکی پیاوێکی دۆڵەمەند دەژیان. خانوە بچکۆڵەکەی ئەوان بە حەسیر داپۆشراوبوو و لە کۆتایی ڕیزە دارەکاندا بوو.

کاتێك ساکیما تەمەنی سێ ساڵان بوو، نەخۆش کەوت و سۆمای چاوەکانی لە دەست دا. ساکیما کەسێکی بەهرەمەند بوو.

ساکیما زۆر شتی دەتوانی بکات کە کوڕەکانی تەمەن شەش ساڵە نەیاندەتوانی بیکەن. بۆ نموونە ئەو دەیتوانی لەگەڵ ئەندامانی بەتەمەنی گوندەکەیان دابنیشێت و باسی بابەتی گرنگ بکات.

دایك و باوكی ساكیما لە ماڵی پیاوێكی دۆڵەمەند كاریان دەكرد. ئەوان بەیانیان زوو دەڕۆیشتن و ئێواران درەنگ دەهاتنەوە. ساكیما لەگەڵ خوشكە بچوكەكەی بە تەنیا دەمانەوە.

ساکیما حەزی لە گۆرانی گوتن بوو. ڕۆژێك دایکی لێی پرسی:

“ساکیما، ئەو گۆرانیانە لە کوێ فێر بووی؟”

ساکیما وەڵامی دایەوە: “هەر لەپڕ بۆم دێن، دایە. من لە مێشکی خۆم گوێم لێ دەبن و دواتر دەیانڵێمەوە.”

ساکیما پێی خۆش بوو گۆرانی بۆ خوشکە بچووکەکەی بڵێت بەتایبەت کاتێك کە برسی دەبوو. خوشکەکەی گوێی بۆ ئەو گۆرانییەی ڕادەدگرت کە حەزی لێ بوو، ئەویش گۆرانیەکەی بۆ دەگوت. ئەو بە دەنگە هێمنکەرەوەکە خۆی رادەژاند.

خوشکەکەی داوای لێکرد: “ساکیما دەتوانی ئەو گۆرانیەم دوبارە و دوبارە بۆ بڵێیەوە؟” ساکیماش بە قسەی دەکرد و گۆرانیەکەی دوبارە و دوبارە بۆ دەگوتەوە.

شەوێکیان کاتێ دایك و باوکی بۆ ماڵەوە گەڕانەوە، ئەوان زۆر بێدەنگ بوون. ساکیما دەیزانی کە شتێك ڕوویداوە.

ساکیما پرسی: “دایە، بابە، چی رویداوە؟” ساکیما تێگەیشت کە کوڕی پیاوە دۆڵەمەندەکە ون بووە. پیاوەکە زۆر نیگەران و تەنیایە.

ساکیما بە دایك و باوکی گوت: “من دەتوانم گۆرانی بۆ بڵێم. لە وانەیە ئەو دووبارە خۆشحاڵ ببێتەوە.” بەڵام دایك و باوکی داواکەیان رەت کردەووە. ئەوان گوتیان: “ئەو زۆر دۆڵەمەندە. تۆ تەنیا کوڕێکی نابینای. تۆ پێت وایە گۆرانیەکەی تۆ دەتوانێ یارمەتی ئەو بدات؟”

لەگەڵ ئەوەشدا ساکیما هەر کۆڵی نەدا. خوشکە بچووکەکەشی پشتگیری کرد و گوتی: “گۆرانیەکانی ساکیما ئارامم دەکەنەوە کاتێك برسی دەبم. هەروەها پیاوە دۆڵەمەندەکەش ئارام دەکەنەوە.”

رۆژی داهاتو ساکیما داوای لە خوشکە بچکۆلەکەی کرد ببێتە چاوساغی بۆ چوونە ماڵی پیاوە دەوڵەمەندەکە.

ئەو لە ژێر پەنجەرەیەکی گەورە راوەستا و دەستی بە گوتنی ئەو گۆرانیەی کرد کە بۆ خۆی زۆری حەز لێ بوو. وردە، وردە سەری پیاوە دۆڵەمەندەکە لە ناو پەنجەرە گەورەکە وەدەرکەوت.

کرێکارەکان دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت. ئەوان گوێیان بۆ سترانە خۆشەکەی ساکیما راگرت. بەڵام پیاوێك گوتی: “هیچ کەس نەیتوانیوە دڵنەوایی بەڕێوەبەر بداتەوە. ئێستا ئەم مندالە نابینایە پێی وایە دەتوانێ دڵنەوایی ئەو بداتەوە؟”

ساکیما لە گۆرانی گوتن تەواو بوو و رووی وەرسووڕاند بۆ ئەوەی
بڕوات. بەڵام پیاوە دۆڵەمەندەکە بەخێرایی هاتە دەرەوە و گوتی:
“تکایە دووبارە گورانییەکە بڵێوە.”

ڕێك هەر لەو کاتەدا دوو پیاو هاتن کە یەکێکیان لە سەر تەختەبەرە پێ بوو. ئەوان کوڕی پیاوە دۆڵەمەندەکەیان دۆزیبۆوە، کە لێیدرا بوو و لە قەراخ ڕێگا بەجێیان هێشت بوو.

پیاوە دەوڵەمەندەکە زۆر خۆشحاڵ بوو کاتێ دووبارە چاوی بە کوڕەکەی کەوتەوە. ئەو پاداشتی ساکیمای کرد لەبەر ئەوەی دڵنەوایی دابۆوە. ئەو کوڕەکەی و ساکیمای بۆ نەخۆشخانە برد. ساکیما دووبارە بینایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## گۆرانیەکانی ساکیما

Skriven av: Ursula Nafula
Illustrerad av: Peris Wachuka
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.